کوردستان نێت
KURDISTAN NET

## حوکمی خەتەنەی نێرو مێ بەگشتیی و ، خەتەنەی کچان بە تایبەتی

## لە دیدی ئیسلامەوە

مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

### بسم الله الرحمن الرحيم

ماوەیەکی زۆرە - لێرەو لەوێ- نەیارو ناحەزانی دینی ئیسلام کردوویانە بە هەراو مشت ومڕ لە مەڕ خەتەنەی ژنانەوە ، گوایا ئیسلام ستەمێکی گەورەی لە ژنان کردووە بە فەرزکردنی خەتەنە لە سەریان !ئەوان وا تێگەیشتوون کە ژنان بە زۆریش بێت هەردەبێ خەتەنە بکرێن ، ئامانجیش لە خەتەنە کردنەکەیان ، کەمکردنەوەی هێزی سێکسیانە، بۆ ئەوەیە ئارەزوویان نەمێنێ‌و لەو شتە بنەڕەتییە بە مرۆڤ دراوە بۆ لەزەت وچێژ بێبەشبکرێن! جا ئێمە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو مەسەلەو راستکردنەوەی بارە راستەکەی، دەستمانکردە گەڕان وپشکنین بە سەر چاوە باوەڕ پێکراوەکاندا، دەرەنجام دیتمان کە تەنها فەرموودەیەك سەبارەت بە (خەتەنە) هاتبێ‌و پشتی پێ ببەسرێت ، هەر ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێ : (( الفطرة خمس – أو خمس من الفطرة – الختان ، وال‌إستحداد ، ونتف الإبط، وتقليم الأظفار، وقص الشارب)) کە ئیمامی بوخاری لە (کتاب اللباس/ 5889 ، باب (63)، و ئیمامی موسلیم لە (الطهارة /257 / باب : 16) هێناویانە.واتە: پێنج خەصڵەت هەیە کە بنەڕەتی پاك وخاوێنین بۆ مرۆڤ :خەتەنە، لابردنی تووکەبەر، هەڵکێشانی مووی بنباخەڵ ،قرتاندنی نینۆك ، بەرسمێڵکردن ، تادەرکەوتنی سوورایی لێو .

ئیتر دوای ئەم ریوایەتە، هەر ڕیوایەتێکی تر لەبارەی خەتەنەوە هاتبێ ، ناتەواویی وکەم وکورتیی و(لەکە)یەکی تێدایە ، کەلە (مصطلح علم الحديث)دا ، فەرموودەی پێدەدرێتە دواوەو کاری پێناکرێت ، لەوریوایەتانە :

1- ئەم ریوایەتە کە (ئەبوو داود) لە (الأدب/5271 ، باب (178) هێناویەتی و دەڵێت : ((عن أم عطية أن امرأة كانت تختن النساء بالمدينة ، فقال لها النبي – صلى الله عليه وآله وسلم – لا تنهكي فإن ذلك أحظى للمرأة وأحب للبعل))، واتە:ئوم عەتیە دەڵێ: لە مەدینەدا ژنێك هەبوو خەتەنەی ژنانی دەکرد، پێغەمبەر - درووددو سڵاوی لێ بێت- پێیگوت: وریابە ! زۆر دەست دامەدەو بنە بڕی مەکە ، چونکە ئەو شتە هەم بۆ ژنان جێی چێژو لەزەتە ،هەم بۆ پیاوانیش . پاشان (ئەبوو داوود) بۆ خۆی دەڵێت : ( وهذا الحديث ضعيف ، لأن فيه ((محمد بن حسان)) وهو مجهول)، ئەم ریوایەتە لاوازە ، چونکە ( موحەممەدی کوڕی حەسان) ی تێدایە.

(قورتوبي)یش دەڵێت : (وفي رواية ذكرها رزين : (( ولا تنهكي فإنه أنور للوجه وأحظى عند الرجل)). ئینجا لێکۆڵەرەوەکەی تەفسیری قورتوبی دەڵێت : ( إسناده ضعيف . وروى البيهقي في ((الكبرى)) (124/8) من طريق عبد الملك بن عمير عن الضحاك بن قيس بلفظ : ((فإنه أسرى للوجه وأحظى عند الزوج)) قال يحيى بن معين : الضحاك بن قيس هذا ليس بالقوي))، ئەم ریوایەتانە هەموو لەمانادا دەبنەوە یەك ، ئەگەرچی هەندێ جیاوازییان لە بێژەکانیاندا هەبێ، وە هەمووش لاوازن .

2- روى الحجاج بن أرطاة عن أبي المليح عن أبيه عن شداد بن أوس أن رسول الله – صلى الله عليه وآله وسلم – قال (( الختان سنة للرجال ، مكرمة للنساء)) واتە: خەتەنە بۆ پیاوان کارێکی پەسەندە ، بۆژنانیش ڕێزو خەڵاتە بۆیان. قورتوبی دەڵێت : ((والحجاج ليس ممن يحتج به)) ئەم فەرموودە ئیمامی (بەیهەقی)ش هێناویەتی لە (الكبرى/325/8) دەڵێت : ((الحجاج لا تحج به)). الجامع لأحكام القرآن . بەرگی یەك / جزمی دوو ، لاپەڕە ( 96) چاپی 1993م - 1414ھ.دیارە هەردوو - شێخی قورتوبیی و، ئیمامی بەیهەقیی- حەجاج بە پیاوێکی ناراست دەزانن و ریوایەتی لێوەر ناگیردرێ .

*(شێخ ئیبن حەجەر العسقلانی ) لە بەرگی 10- لاپەڕە 418ی (فتح الباری)دا ڕاڤەیەکی دوورودرێژی وشەی ((الختان))ی کردووەو گەلێ سەروو خواری تێدا کردووەو ڕاوبۆچوونی زاناگەلێکی هێناوە ، لەمەڕ خەتەنەوە بە شێوەیەکی گشتی‌ی ، ئەوسا بۆ پیاوان ، ئەوسا بۆ ژنان ، ئینجا واجبە ، یان سووننەت؟ بۆ کێ سووننەتە ، بۆ کێ واجیبە ، مەبەست بەم سووننەتە چ سوونەتێکە...؟ تاد ، بەهەر هەموویەوە ئەوەی نەگەیاند کە خەتەنە بۆ ژنان پێویستە ، ئەو ڕیوایەتەش کە دەڵێ خەتەنە بۆ ژنان (مکرمە)یە ڕیوایەتێکی لاوازەو کاری پێناکرێت.

*ئیمامی (نەوەوی) لە ڕاڤەی فەرموودەکەی (موسلیم : (( الفطرة خمس – أو خمس من الفطرة – الختان

وال‌إستحداد..)) دەڵێت : (فالختان واجب عند الشافعي وكثير من العلماء ، وسنة عند المالك وأكثر العلماء ، وهو عند الشافعي : واجب على الرجال والنساء جميعا..))صحيح مسليم بشرح النووي/المجلد الثاني / باب خصال الفطرة-ص148. واتە: خەتەنە بەلای شافعیی و زۆرێك لە زاناكانەوە واجبە ،وە بەلای ئیمام مالك وزۆربەی زاناكانیترەوە سوننەت وپەسەندە و، بە تێكڕایش بەلای ئیمامی شافعییەوە بۆ ژن وپیاو واجبە .

* بەڕێز دكتۆر (أحمد الشرباصی) لە كتێبی (یسألونك فی الدین والحیاة/ب 2 – ل\ 31 دەڵێت : (وخلاصة ما قال العلماء في الختان : هو أن مذهب الشافعية يقرر أن الختان واجب في حق الذكر والأنثى ،ومذهب الحنابلة يقرر أنه سنة في حق الذكر ، وليس واجبا في حق الإناث ، بل هو سنة ومكرمة ، ومذهب الحنفية والمالكية أنه سنة فی حق الذكور والإناث). لە كۆتایی باسەكەدا دەڵێت : (ولكن إذا ثبت – في بعض الحالات – أن ختان الأنثى ليس في مصلحتها ، فلا إثم في ذلك لما قرر بعض الفقهاء)). واتە: پوختەی ئەو راوبۆچوونانە لە باسی خەتەنەدا هاتوون ئەمەیە كە : شافعییەكان پێیان وایە بۆ پیاوو ژن واجبە .

حەنبەلییەكان: پێیان وایە بۆپیاوان سوننەتە ، بۆ ژنان واجب نییە ،بەڵكو كارێكی سوننەت و(مەكرەمە)یە بۆیان.

حەنەفیی ومالكییەكان: بۆژن وپیاو سوننەتە، خۆ ئەگەر دەركەوت خەتەنە لە بەرژەوەندی ژناندا نییە و، ئەكرا هیچ سەرپێچی گوناحێكی تێدا نییە.

* لە پەراوێزی كتێبەكەی بەڕێز (سەید سابق) (فقه السنه/ بەرگی1 /لاپەڕە 37ی چاپی یەكی 1969– هاتووە دەڵێت : (أحاديث الأمر بختان المرأة ضعيفة لم يصح منها شيئ).واتە: هەر شتێك بەناوی فەرموودەوە هاتبێ وفەرمان بدات بە خەتەنەی ژنان ، لاوازو ناتەواوەو هیچی صەحیح نییە .

* (ئیمامی غەزالی)یش لە كتێبی ( إحياء علوم الدين) بەرگی1– لاپەڕە (142)دا ئەم دوو فەرموودەیەی هێناوەو كردوویەتی بەبەڵگە بۆ خەتەنەی ژنان ، یەكەم : (( الختان سنة للرجال ، مكرمة للمساء)) . دووەم : ((يا أم عطية! أشمي ولا تنهكي فإنه أسرى للوجه ، وأحظي عند الزوج))، بەڵام دەرهێنەری فەرموودەكانی ( إحياء \ شيخ عبد الرحيم/هەولێری) كە (806)ی كۆچی‌ی لە دنیا دەرچووە، ئیسنادی هەردوو فەرموودەكەی بەلاواز داناوە.

*(ئیبن تەیمیە) لە (مجموعة الفتاوي)دا ، بەرگی/11 (فقه الطهارة والصلاة) لاپەڕە(68) دەڵێ : دەبێ ژنان خەتەنە بكرێن ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە كە دەڵێ : ((أشمي ولا تنهكي فإنه أبهى للوجه ، وأحظي لها عند الزوج)). دیارە ئەم فەرموودەیە (ئەبوو داود) لە (سنن)ی خۆیدا و، لە كیتابی : (الأدب / 5271) ڕیوایەتی كردووە، بەڵام ئیبن تەیمیە/ خوا لێی خۆش ببێ - لە گەڵ ئەو هەموو وردەكارییەی لە مەسەلە شەرعییەكاندا هەیەتی ، كەچی لێرە لەمەڕ (سەنەد)ی فەرموودەكەوە بێدەنگ بووەو هیچی لە سەر نەگووتوە! بەڵام دەرهێنەری فەرموودەكانی (مجموعة الفتاوي) : هەردوو بەڕێز : (عامر الجزار) و (أنور الباز) لە پەراوێزەكەیدا دەڵێن : ((وقال أبوداود : ليس إسناده بالقوي)) وقد روى مرسلا ، قال أبو داود : ومحمد بن حسان مجهول ، وهذا الحديث ضعيف) ، لای هەمووانیش ئاشكرایە كە فەرموودەی لاواز لە (ئەحكام)دا كاری پێناكرێت ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە چۆن ئیبن تەیمیە ئەو فەرموودە لاوازەی هێناوەو ئەو بڕیارەی پێداوە؟!

* شەوكانی لە (نیل الأوطار) بەرگی1 - لاپەڕە (133–135)دا پاش شەن‌وكەوكردنی فەرموودەكەی : ((أشمي ولا تنهكي..)) - دەڵێ : ( والحق أنه لم يقم دليل صحيح يدل على الوجوب).واتە: پیاو هەق بڵێ كە هیچ بەڵگەیەكی صەحیح نییەبۆئەوە كە خەتەنە واجب بێت .

* (مغنی ابن القدامة) دەڵێ : (فأما‌الختان فواجب على الرجال ، ومكرمة فی حق النساء ، وليس بواجب عليهن ، هذا قول كثير من أهل العلم...). تەماشای بەرگی (1) لاپەڕە(70–71) وە(85– 86) بكەن .

* كتێبی ( إحكام الأحكام ) بە سەر ( عمدة الأحكام )ەوە \ بەرگی (1)، لاپەڕە (86)، دەڵێ: ( وقد اختلف العلماء فی حكم الختان: فمنهم من أوجبه ، وهو الشافعی رحمه الله ، ومنهم من جعله سنة ، وهو مالك واكثر أصحابه، هذا فی الرجال. وأما فی النساء فهو مكرمة على ماقالوا). پاشان لێكۆڵەرەوەكەی لە پەراوێزەكەدا دەڵێ: ( لما رواه أحمد والبيهقی من حديث (الحجاج بن أرطاة) عن أبی المليح بلفظ (( الختان سنة للرجال ، مكرمة فی النساء))... وفيه مقال: قال البيهقی :هو ضعيف منقطع. والصحيح أنه لم يقم دليل صحيح على الوجوب، والمتيقن السنة ، والله أعلم.

* دكتۆر (وهبة الزحيلی) لە كتێبی (الفقه الإسلامي وأدلته) بەرگی1 - لاپەڕە (306) دەڵێت : (وهو - أي الختان – سنة للرجال ، مكرمة للمرأة عند الحنفية والمالكية ، لحديث : ((الختان سنة للرجال ، مكرمة للنساء)) پاشان لە پەراوێزەكەدا نووسروە : ( رواه أحمد والبيهقی من حديث ((الحجاج بن أرطاة)) وهو مدلس ، وفيه اضطراب ، قال عنه البيهقي : هو ضعيف منقطع (نيل الأوطار :113/1) ورواه الخلال بإسناده عن شداد بن اوس.

هەروەها دەڵێت ئەو فەرموودەیەش كە دەڵێ : ((ألق عنك شعر الكفر واختتن)) .. (إبن المنذر) بە دوایدا چووەو دەڵێت : ليس فی الختان خبر يرجع إليه ، ولا سنة تتبع.درێژەی ئەم قسەیە لە ( المجموع) دا هاتووە.

* بەڕێز (عبد الله ناصح علوان) لە کتێبی (تربية الأولاد في الإسلام/بەرگی1/ لاپەڕە (114) دەڵێت : هەموو فوقەهاو موجتەهیدو ئیمامەکانی فیقە یەکدەنگن لە سەر ئەوە کە (خەتەنە) بۆ ژنان (مستحب)ەو پێویست نییە. مەگەر لە ڕیوایەتێکی (ئیمام ئەحمەد)دا کە هاتووە دەڵێ : (يجب على الرجال والنساء على السواء) ، ئەویش لە ڕیوایەتی دووەمدا دەڵێ : (يجب على الذكور دون الإناث) دیارە ئەمەیش لەگەڵ ڕاوبۆچوونی تەواوی فوقەهاو موجتەهیدو ئیمامەکانی فیقهدا یەك دەگرێتەوە کە دەڵێن : خەتەنە بۆ ژنان (مستحب)و واجیب نیە. پاش ئەوانیش ئوممەتی ئیسلامەی - ئەوە دوای ئەوە - هەروا کاریان کردووە ، واتە : خەتەنەیان بۆ ژنان بە (مستحب)داناوە ، نەك بە پێویستو واجیب ، بەڵگەشیان ئەوەیە کە پێغەمبەر – صلی الله علیه وآله وسلم –لەو ڕۆژەوە (خەتەنە)ی داهێناوە بۆ ئوممەتی ئیسلامەی ، تەنها باسی لەپیاوان کردووە ، نەك لە ژنان ، وە فەرموودەیەکی لێ نەبیستراوە تێیدا فەرمان بدات بەخەتەنەی ژنان ، ئەوە نەبێ کە دەڵێ : ((الختان سنة للرجال ، مكرمة للنساء)) ئەمیش گوتمان لاوازەو کاری پێناکرێت ، گریمان ئەگەر صەحیحو ڕەوانیش بێت ،هەرئەوە دەگەیەنێت کە تەنها بۆ پیاوان واجیبە ، نەك بۆ ژنان ، سەرەرای ئەمەیش ،ئاشکرایە کە ژنو پیاو جیاوازی یەکی زۆریان هەیە لە شکڵو حوکمو سوودو قازانج وەرگرتندا لە خەتەنەدا ،چونکە ئەو پێستە زیادە کە بەزەکەری پیاوانەوە هەیەو ، لەوانەیە ئەگەر لا نەبرێ ، ژێرەکەی شتی پیس هەڵگرێت ، ئەوسا هەم بۆ (طەهارەت)ی نوێژو خواپەرستی‌ی زیانی دەبێ، هەم بۆ لایەنی تەندروستی‌ی‌و سێکسیش دەوری دەبێ، دیارە کە ئەو گۆشتو پێستە زیادەیە بە (فەرج)ی ژنانەوە نییە، بۆیە شەریعەتی ئیسلامیش ئەوەند کە باسی خەتەنەی پیاوان دەکات ، ئەوەند باسی خەتەنەی ژنان ناکات ، کەوابوو دەتوانرێ بگوترێ: چاك وایە قازانج وزیانی ئەم مەسەلەیە حەواڵە بەپزیشكو پسپۆڕانی خۆی بکرێت ، بائەوان بڕیار بدەن ئاخۆ بکرێ یا نەکرێت ؟ چونکە لەڕووی شەریعەتی ئیسلامەوە دەقێکی ڕاشکاوو دوور لە ناتەواوییەکانی فەرموودە نەبوو بڕیاری یەکلاکەرەوەی تێدا بێت ،وە لە مەڕ مەسەلە خودا پەرستییەکانیشەوە شتێکی ئەوتۆی تیا بەدی ناکرێت، کە ئەگەر نەکرێت ببێتە هۆی هەڵگرتنی پیسی‌ی‌و نەخۆشی‌و کار بکاتە سەر مەسەلە خواپەرستیەکان ، وەك ئەوە کە لە نێرینەدا بەدی دەکرێت ،ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە لە سەردەمی ڕابوردوودا، لەشارو لەلادێکاندا، بەدەستی ژنانی نەزان ، کۆمەڵێ هەڵەی وا کراوە لەمەسەلەی (خەتەنە)ی ژناندا ، هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە،چونکە بۆتە هۆکارێك لە بێبەشبوونیان لە چێژو خۆشی جیماع و تووشبوونیان بە (برودة الجنس) یەوەو پاشانیش سەرهەڵدانی سەدان کێشەی تری شەرعیی و کۆمەڵایەتیی.

خوێنەری هێژا ! ئەمە کورتەو پوختەی ئەو باسەبوو ، هیوادارین ئامانجی خۆی پێکابێت ، ئێوەی بەڕێزیش هەر لە پەنای هەق وعەدالەتدا بژین .

و صلى الله و سلم و بارك على إمامنا و مقتدانا محمد و على آله الميامين و أصحابه المجاهدين.

**ئەحمەد کاکە مەحموود**

/ 7

رمضان المبارك / 1427 ك